بەدابەشکردنی مووچەی مانگی نیسانی مووچەخۆرانی هەرەمی دەستی پێ کرد

لەدوای گەیشتنی بەشێک لە تەمویلی مووچەخۆرانی هەرەمی کوردستان لەلایەن بەغداوە، ئەمڕۆ 15 ئایار دەست بەدابەشکردنی مووچەی مانگی نیسانی مووچەخۆرانی هەرەمی کوردستان کرا.

وەزارەتی دارایی و ئابووری حکومەتی هەرەمی کوردستان رایگەیاند، ڕۆژی سەشەممە 14ی ئایاری 2024، 168 ملیار دینار بە سێ گوژمە وەک شایستەی مووچەی مانگی نیسانی خانەنشینانی شارستانی و سەربازیی و کەسوکاری شەهیدان و ئەنفالکراوان و خاوەن پەداویستییە تایبەتەکانی هەرەمی کوردستان لەلایەن وەزارەتی دارایی حکومەتی فیدراڵەوە خرایە سەر هەژماری بانکی وەزارەتی دارایی و ئابووری هەرەمی کوردستان لە لقی هەولێری بانکی ناوەندی عێراق.